# هەنگاونانی ڕاستەقینە لە سیاسەتدا!

سیروان کاروانی

لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا، ئەو نەتەوانەی کە بوونیان هەیە و ئەوانەش کە تەنها بە شوێنەوار ماون یاخود لە ئارشیڤەکانی مێژوودا تۆمارکراون، سیاسەت هەر دەوری خۆی و هێندێک جار سەرەکیی بینیوە و ئەوەش لە زۆر حاڵەتدا بووە بە هەوێنی هێنانەدی هیوا و خواستەکانی کۆمەڵگە و هەر لەو ڕێگەیەشدا سەرفرازی و سەربەخۆییی خەڵکی بەدواوە بووە. کەواتە سیاسەت بەشێکی جێگیرە لە ژیانی هەر کۆمەڵگەیەک کە بیەوێ ئەوەی بەدەستی هێناوە، هەر بەو ڕێگەیەش بیپارێزێ و درێژە بەو ڕێبازەی بوونی بدات بەتایبەتی لەم سەردەمەی ئێستای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی تێکەوتووە، کە هۆشیاری دەوری سەرەکیی بژێوی و مانەوەی ژیان لە ڕەوشێکی لەباردا دەبینێت، واتە ئەوەی بە سیاسەت بەدەست دێت، هەر بە سیاسەتیش دەپارێزرێت.

لە سیاسەتیشدا، یەکێک لە مەرجەکانی بەرەو سەرکەوتنی هەر هەنگاوێک چ لە بواری سیاسی و ئاستی کورسی و دەسەڵات و حوکمڕانیدا بێت و، چ لە بوارەکانی تری هۆکارەکانی ژیاندا بێت، بەئەنجامگەیاندنی گوتە باسکراوەکان یاخود پەیمان و سۆزەکانە، کە پێشتر بە گوێی ئەو خەڵکانەدا دەدرێن و ئەوانیش پێشوەخت متمانەی خۆیان بە پەیماندەر دەدەن.

ئەگەر لایەنی سیاسی ڕێچکەی دروستیان نەگرت و لە هەنگاوەکانیان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، ئەو کاتەیە کە کۆمەڵ و ڕای گشتی نەفرەت لە سیاسەت و هەر جۆرە هەنگاونانێکی دەکەن، خۆ ئەگەر لەوێدا سەرکەوتن بەدەست هات، زۆرینە دەیانەوێت خۆ بخزێننە ناو دامودەزگە سیاسییەکانەوە و بەکردار لەگەڵ هەنگاوەکاندا بن و هەر لەوێشدا خۆشبەختیی گەل دێتەئاراوە.

ئەوەی خزمەتی تەواو بە خودی کۆمەڵگەکان دەکات، بێجگە لەوەی کە دەبێ بزانرێ چ جۆرە سیاسەتێک لەوێدا پەیڕەو دەکرێت، ئەوەیە کە کورسیی دەسەڵات کە لە هەناوی سیاسەتدا دەستگیر دەبێت، بەو فاکتەرانەوە پابەند بێت کە دەبنە هۆی کەنارگیرکردنی توندوتیژی، بۆیە لێرەدا گرنگە لەوە بکۆڵرێتەوە کە بە چ شێوەیەک دەست بەسەر کورسیی دەسەڵاتدا گیراوە.

ئەگەر سەردارانی هەڵسووڕاوی سیاسەت بە شێوەیەکی سەردەمی و شارستانییانە کە خۆی لە کەشێکی دیمۆکراتییانەدا دەبینێتەوە هاتنە گۆڕەپانەکەوە، ئەوا زۆرترین خزمەت و کەمترین زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنن. کۆمەڵگە کەمترین زیانی بەردەکەوێ، چونکە لەوێدا دەسەڵاتی خەڵک فەرامۆش نەکراوە و بیروڕای خەڵک پەراوێز نەبووە، بۆیە هەر کاتێک زۆرینەی خەڵک ئەو شێوە بەرنامانەی دەسەڵات دایڕشتووە و پەیڕەوی دەکات ڕەت بکەنەوە، گومانی تێدا نییە کە گۆڕانکاری لە شێوەی سیستەمڕانی و کورسیی دەسەڵاتدا دەکرێت و لە زۆر حاڵەتیشدا بینراوە کە هەر بە گووشاری خەڵک سیستەمی حوکمڕانی هەڵوەشاوەتەوە و ڕێگە بەتەواوی بۆ ئەزموونگەلێکی تر خۆشکراوە.

ئەگەر گرتنەدەستی دەسەڵات بەو شێوە شارستانییانەیە نەبوو کە لە هەناوی خواستەکانی گەلەوە هەڵبقوڵێ و سیمایەکی بە گوڕ و تینی ئازادی بەسەر خەڵکدا هەڵبکات، ئەوکات بە شێوەیەکی زۆرەملێ دێتە کایەوە و ئەوەش بە چەند جۆر بەدەردەکەوێ و نموونەش بۆ ئەوە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە ئەو ڕاستییەی بە بەڵگەوە بۆ جیهانی ئەمڕۆ سەلماندووە.

لەو حاڵەتەدا، هێندێک جار ئەگەرچی بەبێ وەرگرتنی بیروڕای گەل سیاسەت خۆی بەسەردا دەسەپێنێ و جڵەوی دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەڵام لە هەمان کاتدا شەڕ و خێری بەرانبەر دەبێت و شتێکیش هەیە کە ئەوکاتە تا ڕادەیەک لە کارەساتەکانی گەل دوور دەبێت و ناگاتە ئاستی دیکتاتۆریەت بەسەر خەڵکدا، بەو شێوەیەش

چاوپۆشی لەسەر کەموکوڕییەکان کراوە و لە هێندێک لە وڵاتانیشدا بووە بە نەریت هەروەک پرسێکی ویراسی و هەتا ئێستاش درێژەی بەو شێوە حوکمڕانییە داوە. لەو کاتانەشدا کە سیاسەتی کورسی ڕوو لە بێهوودەیی دەبێت و لەوێدا هەڵسوکەوت بە شێوەی ئاگر و ئاسن دەنوێنێت و ڕەفتاری شمشێری پەیڕەو دەکات، ئەنجامەکەی بە پەیدابوونی گورزی دیکتاتۆرییەت دەشکێتەوە و کارەسات لەدوای کارەسات بەرپا دەکات و سەرەنجام دۆزەخێک لەسەر زەوی دروست دەکات.

مەترسیی گەورە لەوێدایە کە ئەوکاتە خەڵک بەرانبەر بەو شێوە حوکمڕانییە دەستەوچان وەستاون و چ ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان نابێت کە شایەنی گۆڕانکاری لە دەستەڵات و سیستەمدا بکات، چونکە ئەو زەبروزەنگەی بە ماوەیەکی درێژ لەلایەن دەستەڵاتەوە پەیڕەو کراوە بە شێوەیەک بیری خەڵکی داماڵیوە و لە جیهانی دەرەوەی دوورخستوونەتەوە و ترسێکی بێوێنەی لەلا دروست کردوون، کە بەو شێوەیە هەتا ماوەیەکی درێژ لە بیری گۆڕانکاریدا نەبن.

بەو پێیەی کە زۆرینەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر بەو شێوە ناسەردەمییانە جڵەوی دەستەڵات دەگرنە خۆ و بە ناچاریش لە دیوی خەڵکەوە قبووڵ دەکرێن، هەتا ئێستاش پێشبینیی زۆر لە شێوەزۆرداری و خودی دیکتاتۆرییەت دەکرێت.

2006.06.01